حکومەتی هەرێم:نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، خشحاڵەی پەنجەی بخاتە سەر ئۆکارانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە جێبەجێکردنی راسپاردەکانی پێیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان کردوویەتی.

دیندار زێباری، رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میانی پشکەشکردنی گوتارێك لەگەڵ کۆبوونەوەی 12ـی خولی 75ـەمینی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان لە جنێف رایگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان، 24 یاسای دیاریکردووە و دەرکردووە کە هاوپێچ بن لەگەڵ ئەوەی لە پەیمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا هاتووە.

دشێت: بە پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان، لیستی مافی نەتەوە و ئایین و مەزهەبە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە ساڵی (2003) و یاسای مافی پێکهاتەکان ژمارە (5)ی ساڵی 2015 دەرچوو.

ڕێکخەری ڕاسپاردەکان باسی لەوەشکرد، بەهەبەستی بەدیهێنانی شەفافیەت و بەرپرسیارێتی گەندەڵی، هەنووسی ستراتیژی نیشتمانی دژە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 -2025 پەسەندکرا، هەروەها لە ساڵی (2023)دا، ژمارەی داواکارییەکانی تایبەت بە دەسیسی گەندەڵی لە هەرێم گەیشتە (393) کەیس، هەروەها (248) کەیس ڕەوانەی دادگای لێهاتوو کراوە، جگە لەوەی (103) کەیس یەکلایی کراونەتەوە، هەروەها (42) کەیسی دیکەش بەهۆی کەمی بەڵگەی پەیوستەوە گەڕێنراونەوە بە کەمیسیۆن.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە ئێستادا نزیکەی 966 هەزار و 992 کەسی ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستانن، کە حکومەتی هەرێم (80%)ی پێداویستییەکانیان دابین دەکات.

حکومەتی هەرێم هەوڵی بەوچانی بە ڕزگارکردنی ئێزیدییە ڕفێندراوەکان داوە، کە تا ئێستە سێ هەزار و 567 کەسیان ئازاد کراون و دوو هەزار و 640 کەسیش هەشتا ئازاد نەکراون.